# مایکرۆسۆفتیش ژمارە ١٣ بە شووم دادەنێت





دوای چاوەڕوانییەکی زۆر، نوێترین ئۆفیسی مایکرۆسۆفت کە کۆمەڵە پرۆگرامی گرنگی کۆمپیوتەرە، هاتە بەرهەم. Office 2010 ڕەنگە لە ماوەی مانگێکی دیکەدا بەتەواوی بکەوێتە بازاڕەوە. ئەو ڤێرژنەی ئۆفیس دەکرێ بڵێین بەهێزترین ڤێرژنی ئۆفیسە. بەدوای بڵاوبوونەوەی ویندۆز7دا لە ریزی شاکارەکانی مایکرۆسۆفت دادەنرێت.

لەو ڤێرژنەدا کۆمەڵێك گۆڕانکاری گرنگ کراوە. خاڵێکی جێگەی سەرنج کە لەو ئۆفیسەدا دەبیندرێ ئەوەیە، هەموومان دەزانین ئۆفیس 2007ی مایکرۆسۆفت ڤێرژنی 12 بوو، بەو پێیە دەبا ڤێرژنی نوێ ژمارە 13 با، بەڵام ڤێرژنەکە 14یە، چونکە مایکرۆسۆفت پێیوایە ژمارەی 13 ژمارەیەکی شوومە، هەربۆیە ئەو ژمارەیەی دانەناوە.

# سوڕاندنی ئەو فیلمانەی بە مۆبایل دەگیردرێن

ئێستا مۆبایل یەکێکە لەو ئامرازە گرنگانەی سەرەڕای ئەرکی پێوەندی گرتن چەندین ئەرکی دیکەش ئەنجام دەدا، یەکێك لەو ئەرکانە گرتنی گرتەی فیلمە. زۆرجاران ئەو فیلمانەی بە مۆبایل دەگیرێن بەهۆی ئەوەی کە کامێرای مۆبایلەکە بە هەڵە 90 پلە سووڕاوە، فیلمەکە لەسەر کۆمپیوتەریش هەر بە سوڕاوی دەبیندرێ، بۆ چارەسەرکردنی ئەو فیلمانەی کە بەم شێوەیە دەگیردرێن، ڕێگە چارەیەکی گونجاو هەیە، ئەویش سوود وەرگرتن لە پرۆگرامی VLC یە. لە پرۆگرامی VLC دەتواندرێ فیلمێکی ڤیدیۆیی بەتەواوی بسوڕێندرێ، یان پێچەوانەی لێبکرێ، یان فیلمەکە ڕەش و سپی بکردرێ و گەڵێك جموجووڵی دیکەی پێ بکرێ. ئەوپرۆگرامە لەو سایتە وەردەگیرێ http://videolan.org.




کاتێك فایلە ڤیدیۆیەکە دەکەنەوە، لەسەر فەرمانی Tools کلیك بکەن و پاشان فەرمانی Effects and Filters هەڵبژێرن. لەو بەشەدا بە ڕوونی دیاریکراوە کە فیلمەکە چەند پلە بسووڕێنن.




# فۆتۆشۆپ و ئیندزاینی cs5 گەیشتن بە لووتکەی داهێنان

لە چەند ژمارەیەکی ڕابردوودا هەواڵی بڵاوبوونەوەی ڤێرژنی adobe cs5مان بڵاوکردەوە و کورتەیەکیش لە کۆمەڵە پرۆگرامەکانی ئەو ڤێرژنەمان باس کرد، یەکێك لە پرۆگرامە کاریگەرییەکانی زنجیرەی ئەدۆب، پرۆگرامی فۆتۆشۆپە، کە بەشێك لەو توانایانەی کە بەو پرۆگرامە زیادبوونە بریتین لە: دروستکردنی ڕەنگێکی نوێ و زیادکردنی لەناو لیستی ڕەنگەکاندا، بۆ نموونە ڕەنگی ڕوخسار یان پێست کە لە چەند ڕەنگێکی تێکەڵاو پێکهاتووە، کۆپی دەکەی و لەناو ڕەنگەکانی دیکەی زیاد دەکەی، هەروەها دەکرێ زۆر بە ئاسانی وێنە دوو ڕەهەندییەکان بکەی بە وێنەیەکی سێ ڕەهەندی. یەکێك لە توانا گرنگەکانی ئەو ڤێرژنەی فۆتۆشۆپ بریتیە لە لابردنی شتێك لەناو وێنەیەکدا کە پێشتر بە چەندین کردار ئەنجام دەدرا، بۆ نموونە گەر بتەوێ وێنەی کەسێك لەناو کۆمەڵە کەسێك دەربهێنی، زۆر بەئاسانی وێنەکە دەردێت، هەروەها لە ڤێرژنی نوێی فۆتۆشۆپدا زۆر بەئاسانی دەکرێ شتێك دیاری بکەی و بێئەوەی تێکبچێت.

لە پرۆگرامی ئیندزاینی CS5دا بۆ نەخشەسازی فۆرمی ئامادەکراو هەیە، ئەو کەسەی کە بیەوێ نەخشەسازی بکا، تەنانەت بێ ئەوەی زانیاریەکی ئەوتۆی لەسەر نەخشەسازی هەبێ دەتوانێ تا ڕادەیەك ئەرکەکانی نەخشەسازی جێبەجێ بکات، جگە لەوەش دەکرێ لە پرۆگرامەکانی دیکە بۆ نموونە لە پرۆگرامی wordدا خشتە و جەداول بێ گرفت بۆ پرۆگرامی ئیندزاین بگوازرێتەوە، جگەلەوەش چەندین توانای دیکە زیادبوونە کە زیاتر نەخشەسازەکان شارەزایان بەسەردا هەیە وەك کردنەوەی چەندین لاپەڕە بە قەبارەی جیاوازەوە لە یەك فایلدا و ...تاد.



# پرسیار و وەڵام لەبارەی کۆمپیوتەرەوە

• چـۆن دەکرێ وینــدۆز 7 و ویندۆز XP پێکەوە لەسەر کۆمپیوتەرێك دابمەزێندرێن. بێئەوەی کە ویندۆز7، ویندۆزی XP تێکبدات؟

- لە وەڵامــی ئەو پرســیارەدا دەکرێ بڵێین گرفتێکــی ئەوتــۆ نایەتە پێش، بــەڵام دەبێ لەســەرەتادا ویندۆز XP لەســەر درایڤی C دابمەزێنن و پاشــان ویندۆز7 لەسەر درایڤی D دابمەزێنن. بەڵام ئاگادار بن لەکاتی دابەزاندنی وینــدۆزی دووەمدا فەرمانــی فۆرماتکردنی ئەو درایڤــە نەدەن کــە وینــدۆزی یەکەمی لەسەردابەزێندراوە.

• چۆن دەکرێ لەنێو فلاش میمۆریدا فایلی Auturun.inf کە بەهیچ جۆرێك ناسڕدرێتەوە بسڕینەوە. تەنانەت ئەنتی ڤایرۆسیش نایسڕێتەوە و بە ڤایرۆسی دانانێ. هەروەها دواتر هەر فلاش میمۆریەکیش دەخەینەســەر ئــەو کۆمپیوتەرە تووشی ئەو گرفتە دەبێت؟

- راســتە ئەو فایلە هەموو ئەنتی ڤایرۆسێك ناتوانێ بیســڕێتەوە، بەڵام ئەنتی ڤایرۆســە بەهێزەکان دەتوانن بیسڕنەوە. دەکرێ بڵێین ئەو فایلە Autorun.inf فایلێکی ڤایرۆســی نییــە، هەندێك لــە فــلاش میمۆرییەکان خۆیان ئــەو فایلەیان تێدایــە بۆ ئەوەی کە ئۆتۆماتیکی کاتێك دەخرێتە ســەر کۆمپیوتەر بکرێتــەوە. بۆ ســڕینەوەی فایلــی Auto-run.inf لــە پرۆگرامێکــی زۆر بچووك کە لە ئەنتەرنێتدا بەخۆراییە ســوود وەربگرن، ئەو پرۆگرامە Autorun Removerیە و بە ئاسانی ئەو فایلە دەسڕێتەوە.

## هەموو فایلەکان بە یەک پرۆگرام دەکرێنەوە



بە سوود وەرگرتن لە ڤێرژنی نوێی HTML5 ئیدی سنوورێك لە نێوان فایلەکانی کۆمپیوتەردا نامێنــێ و تەنیاو تەنیا بــەو پرۆگرامە دەتوانی هەموو پرۆگرامــەکان بکەیتەوە. قەت خۆزگەتان خواستوە لە بری گشت ئەو پرۆگرامانەی لەسەر کۆمپیوتەرن تەنیا یەك پرۆگرام هەبێت، کە گشت فایلــەکان بکاتەوە؟ ڤێرژنــی نوێی HTML5 کــە لــە دروســتکردنی لاپــەڕەی ئەنتەرنێتیدا ســوودی لێوەردەگیرێ، دوا ڤێرژنەکەی دەکرێ بڵێین شــوێنی زۆر لە پرۆگرامەکان دەگرێتەوە. بۆ روونکردنــەوەی زیاتر لەمبارەیەوە، کاتێك ئێمە لە ئینتەرنێــت فایلێکی دۆق واتە (WORD) یــان (EXEL) دەکەینەوە، گــەر پرۆگرامی تایبەت بە کردنەوەی ئەو فایلە لەسەر کۆمپیوتەر نەبێ، ناکرێتەوە. یان ئەگەر فایلێکی دەنگ یان رەنگ وەربگرین، بەبــێ پرۆگرامێك کە ئەرکی بڵاوکردنــەوەی دەنگ و رەنگــی هەیە، ناتوانین سوود لەو پرۆگرامە وەربگرین، بەڵام HTML5 ئــەو توانایەی هەیە کە گشــت فایلێك بکاتەوە، جــا دەنگی بێ یان وێنەیی، یان دەق و نووســین و...تاد.




## ئەو سایتەی شوێنی فلاش میمۆری دەگرێتەوە

گەلێك جاران ئەو فایلانەی کە لەســەر فــلاش میمۆری یــان هــەر ئامرازێکی دیکە کە داتاکانی لەســەر خــەزن دەکەن، دەســڕدرێنەوە یان لەناودەچــن، لەکاتێکی ئــاوادا خۆزگە دەخوازن بۆ ئەوەی شــتێك هەبێت کــە بەهیچ جۆرێك داتا و فایلەکان لەسەری نەسڕێتەوە، یان بۆ هەمیشە بمێنن. ســایتی www.dropbox.com ئەو خەیاڵەی کردۆتە راســتی، هەر کاتێك ئێوە بە ئیمێل و پاســۆردی خۆتان داخیلی ئەو سایتە بوون بۆکســێك یان بەواتایەکی دیکــە درایڤێکــی نوێ کــە قەبارەکەی تەنیــا 10 میگابایتــە دادەبەزێتە ســەر کۆمپیوتەرەکەتان، ئیدی لەمەولا هەر شتێك کە لەو بۆکسەدا خەزن بکرێ، ئۆتۆماتیکی لە ئینتەرنێتدا خەزن دەبێت. ئەو سایتە هەتا 2 گیگابایت شــوێنی بەتاڵ بە خۆڕایی دەبەخشــێ، بەڵام بە پارەیەکی کەم دەکرێ هەتا 200 گیگاش داتاکانتانی تێدا خەزن بکەن. ئێســتا چەندە پێویســتە ئیمێلێکی خۆتان هەبێ، ئەوەندەش پێویســتە drop box خۆتــان هەبێت، بۆ ئــەوەی فایلی زانیارییەکانتان هەمیشە بمێننەوە.

بەرپرسی فایلی IT: سەنگەر شنۆیی
بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504514008
Email: it@gulan-media.com